# چۆن هەواڵی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بنووسینەوە؟

## ئامادەکردنی مەجید ساڵح

واباوە کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانی شوێنی ڕاگەیاندنی دوایین گۆڕانکارییەکانە. بەڵام مەرج نییە هەمیشە دوایین گۆڕاییەکان سەرنج ڕاکێش بن. زۆرجار وتەبێژی کۆنفرانسی ڕۆژنامەوانییەکان وتەکانیان یان کلێشەییو سوواوە یان هیچ شتێکی تازە ناخەنە ڕوو. ناچارنین هەموو ڕووداوەکانی کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بخەینە ڕوو. گەر لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی هەفتانەدا بابەتێکی سەرنج ڕاکێشت دەست نەکەوت یان وتەکان هیچ ڕونکردنەوەیەکیان بۆ بابەتەکە زیاتر نەکرد، دەتوااتانیت هیچ هەواڵێکی لێ ئامادە نەکەیت.

بۆ تەغتیەکردنی کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکان دوو ڕێگە هەیە:

هەواڵێك لە سەر بابەتێك لە جیاتی ئەوەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی گوێ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی هەفتانە بگریت، بەدوای گۆڕانکارییەکاندا بچۆ وە یان دوو بابەت هەڵبژێرە و بە پێی دوایین گۆڕانکارییەکان (بۆ نموونە گەر لە قسەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە شتێکی تازەت بیست) هەواڵێك بنووسە.

کاتێك دیپلۆماتێکی ئێرانی لە عیراق دەستگیر دەکرێت ئەوە بۆخۆی هەواڵە، کاتێك وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ڕستەیەکی نوێ سەبارەت بەو مەسەلەیە دەڵێت، بە دڵنیاییەوە ئەو ڕستەیە هەواڵێکە و دەچێتە سەر ئەوانەی پێشتر وتراوون لە سەر بابەتەکە.

دەکرێت لە سەر ئەساسی ئەو ڕستەیە هەواڵێکی نوێ لە سەر ڕفاندنی دیپلۆماتە ئێرانییەکان بنووسین ( بە مەرجێك ڕستەکە تیشك بخاتە سەر دوایین گۆڕانکارییەکان و ڕستەیەکی دووبارە و کلێشەیی نەبێت).

دەتوانیت لیدی هەواڵەکە لە دوایین قسەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە هەڵبژێریت. لە ڕستەی دوای لیدەکە هەندێك لە پێشینەی ڕووداوەکە بخەرەڕوو باسی ئەوە بکە ڕووداوەکە چۆن و کەی ڕوویداوە. یان ئەگەر وەزیری دەرەوە ئەو کێشەیەی خستووەتە ئەستۆی هێزەکانی ئەمریکاو ئەوانیش بێئاگایی خۆیان ڕاگەیاندووە لە مەسەلەکە دەتوانیت لە پاش لیدەکەوە دایبنێیتو بنووسیت "هێزەکانی ئەمریکایی دەڵێن ئەوان ئەوکارەیان ئەنجام نەداوە....".

لەو ڕستانەی کە لە خوارەوە دێن دەتوانیت دوایین بۆچوونو گۆڕانکارییە پەیوەندیدارەکانی تری ووداوەکە شیکەیتەوە.

بەم جۆرە تۆ لە نێو وتەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە بابەتێکت دۆزیوەتەوەو لە سەر ئەساسی ئەو بابەتە هەواڵێکت داڕشتووە. ئیتر پێویست ناکات لە کۆتایی هەواڵەکەتدا بنوسیت هەروەها وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە وتی سەفەری وەزیری پەروەردەی چین بۆ ئیران بەسوود بوو.

دەکرێت هەواڵەکەی تریان لە سەر بەرنامەی ئەتۆمی ئیران و دوایین پێشهات و بۆچوونەکان بێت، لێرەشدا گەر لە قسەکانی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ڕستەیەکی نوێو گرنگت دەست کەوت هەواڵێکی لێ درووستکە.

هەندێك جار ڕوودەدات لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی سەرۆك کۆمار قسەیەك دەوترێت کە بەکەڵکی ئەوە دەشێت لە بەشی کۆمەڵایەتیدا سودی لێ ببینرێت (باس لە بیمەی کۆمەڵایەتی دەکرێت). هەندێك جاریش لە قسەکاندا هەواڵێکی ئابووری درووست دەکرێت ( بۆ نمونە کاتێك باس لە کێشەی نیشتەجێبوون دەکرێت).. هتد. ئەگەر سەبارەت بە یەك بابەت دەنووسیت دەبێت ڕەچاوی یاسای نوسینی وتە زێڕینەکان بکەیت. تەنیا یەك دوو وتەی کورت بەسن. سوود لە وتە وەرگرتنی کورتو ڕوون ببینە، ئەو وتانەی ڕاستەخۆ باس لە بابەتەکە دەکەن.

ڕێگەی دووهەم هەواڵێکی چەند بابەتیە:

بۆ ئەم مەبەستە لیدێکی چەند لایەنە بەکار بهێنە. لەو لیدەدا باس لە دوو یان سێ بابەت بکە لە بابەتەکانی تر گرنگتربن . لە درێژەی هەواڵەکەشدا بە پێی گرنگی هەریەکەیان وردەکاریو پێشینەکانیان بخەرە ڕوو وتەکانیش بنووسەوەو ڕوونکردنەوەی پێویستیش بدە. مانشێتی ئەم جۆرە بابەتە دەکرێت باس لە گرنگترین بەشی هەواڵەکە بکات. ئەم جۆرە هەواڵانە زیاتر بۆ ئەو وتارو کۆنفرانسە ڕۆژنامەنووسیانە گونجاون کە لە لایەن بەرپرسێکی پایە بەرزی حکومەتەوە بەڕێوە دەچێت. بەڵام لە بیرتان نەچێت لەو لێدوان و ڕادەربڕینانە گەر باس لە پێشینەی گۆڕانکارییەکان نەکرێت هیچ مانایەکیان نابێت.

سەرچاوە

www.jadidnews.com